ڕاگەیاندراوی ڕۆژنامەوانی

تۆڕەکانی چاودێریی هەڵبژاردن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ژمارەیەك راسپاردەی پەیوەندیدار بە پرۆسەی چاکسازیی لە یاسا و تەشریعاتی هەڵبژاردنەکان و بەهێزکردنی بەشداریی کۆمەڵگەیی، دەخەنەڕوو.



بەغداد – عێراق

لە چوارچێوەی هەوڵە نیشتمانییەکاندا بۆ چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی و سەروەری یاسا و بەرزکردنەوەی شەفافیەت و پاکژیی پرۆسەی هەڵبژاردن، چەند تۆڕێکی چاودێریی هەڵبژاردنەکان و ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی چەردەیەك راسپاردە و پێشنیاری یاساییان سەبارەت بە هەمواركردنەوەی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پارێزگا و قەزاکان ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١٨ی هەمواركراو ئامادەکرد و ڕایانگەیاند ، ئەوەش لە چوارچێوەی دەستپێشخەرییەکدایە بۆ چاکسازیی یاسایی و بەهێزکردنی بەشداری کۆمەڵگەیی لە پەرەپێدانی تەشریعاتەکانی هەڵبژاردندا.

ئەم دەستپێشخەرییە لەسەر بنەمای بەرپرسیارێتی نیشتمانی و ڕۆڵی چاودێری و هۆشیارکردنەوە دێت، کە تۆڕەکانی چاودێری هەڵبژاردن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئەستۆیان گرتووە بە ئامانجی پشتگیریکردن لە ڕەوتی دیموکراسی و دەستنیشانکردنی ئاستەنگ و کەموکوڕییە یاساییەکانی بەردەم پرۆسەی هەڵبژاردن و هەوڵدان بۆ چاکسازیی یاسایی، تاکو پشکی هەبێت لە گەشەپێدانی ژینگەی هەڵبژاردن و مسۆگەرکردنی بنەماکانی دادپەروەریی نوێنەرایەتی سیاسی و ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان لەبەردەم سەرجەم ڕکەبەرانی هەلبژاردندا.

تۆڕ و ڕێکخراوە بەشداربووەکان جەختیان لەوە کردەوە، کە پرۆسەی چاکسازیی لە یاسا و پەیڕەوەکانی تایبەت بە هەڵبژاردن، پێویستییەکی نیشتمانییە و پێویستی بەوەیە پێداچوونەوەیەکی گشتگیر بکرێت بە چێوەی یاسایی هەڵبژاردندا، بە شێوازێك کە هاوتا بێت لەگەڵ بڕگەکانی دەستووری عێراقی و پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی مافە سیاسی و هەڵبژاردنەکان و متمانەی هاوواڵتیان بە دامەزراوەکان و پرۆسەی دیموکراسی بەهێزتر بکات.

لەم چوارچێوەیەدا، دەستپێشخەرییەکە چەندین ڕاسپاردەی سەرەکی لەخۆگرتووە، کە دیارترینیان ئەمانەن:

1- **پێداچوونەوە بە چێوەی یاسایی هەڵبژاردندا:** دەستنیشانکردنی ئەو کەموکوڕی و بۆشاییە یاساییانەی لە یاسا کارپێکراوەکاندا هەن و پێشنیارکردنی چارەسەری پێویست بۆ دڵنیابوون لە ڕوونی دەقە یاساییەکان و سەلامەتی جێبەجێکردنیان.

2- **بەهێزکردنی دادپەروەری نوێنەرایەتی هەڵبژاردن:** پێشکەشکردنی پێشنیار لەپێناو بەدیهێنانی نوێنەرایەتی دادپەروەرانەی دەنگدەران و مسۆگەرکردنی دەرفەتی یەکسان و پاك و بێگەردیی کێبڕکێی هەڵبژاردنەکان.

3- **فراوانکردنی ڕووبەری بەشداریی کۆمەڵگەیی:** بەشداریکردنی تۆڕەکانی چاودێریی هەڵبژاردن، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، شارەزایانی یاسایی و کەسانی ئەکادیمیست لە گفتوگۆکانی پەیوەست بە هەمواره یاساییەکان و داڕشتنی پێشنیارە پەیوەندیدارەکان بە گەشەپێدانی سیستمی هەڵبژاردن.

4- **پاراستنی ماف و ئازادییەکانی هەڵبژاردن:** هەوڵدان لەپێناو مسۆگەرکردنی ئەو یاسایانەی، کە مافی هاوواڵتیان بۆ بەشداری سیاسی، خۆکاندیدکردن و دەنگدان دەستەبەر دەکەن و بنەماکانی یەکسانی و نەهێشتنی جیاکاریی بەهێزتر دەکەن.

5- **بەرەنگاربوونەوەی گوتاری ڕق و کینە و زانیاری چەواشەکار:** پێشنیارکردنی چارەسەری یاسایی و دامەزراوەیی، کە سنوور بۆ وتاری ڕق و کینە، هاندان و چەواشەکاری هەڵبژاردن دابنرێن، بەو مەرجەی بازنەی ئازادی ڕادەربڕین و مافە دەستوورییەکان بەرتەسك نەکاتەوە.

6- **بەرزکردنەوەی ئاستی شەفافیەت و لێپرسینەوە:** پەرەپێدان بەو زەمانەتە یاسایی و ڕێکارییانەی پەیوەندیدارن بە بەڕێوەچوون و چاودێریکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە، بە شێوازێك کە پاکی و بێگەردیی، باوەڕ پێکردن و متمانەی دەنگدەران بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بەهێزتر بکات.

7- **بەهێزکردنی هاوکاری و هەماهەنگی دامەزراوەیی:** کردنەوەی کەناڵی گفتوگۆی کارا لەگەڵ پەرلەمان، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، دەسەڵاتی دادوەری و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان، هەر یەکەیان بەپێی تایبەتمەندی خۆی، بۆ تاووتوێکردنی پێشنیارەکان و ئەگەری سوودوەرگرتن لێیان لە چوارچێوەی ڕێڕەوە یاسایی و دەستوورییەکاندا.

لە هەنگاوێکی کردەییدا بۆ وەرگێڕانی دەرهاویشتەکانی دەستپێشخەرییەکە بۆ ناو پێشنیاری یاسایی، کە شایستەی تاوتوێکردن و گفتوگۆبن، تۆڕ و ڕێکخراوە بەشداربووەکان وێنەیەکیان لە ڕەشنووسی هەمواره یاساییە پێشنیارکراوەکانیان ڕادەستی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کرد، کە دیارترین پێشنیار و ڕێگە چارەی یاساییان لەخۆگرتووە، بە ئامانجی ئاگادارکردنەوەی کۆمسیۆن لەو ڕاسپاردانە و سوودوەرگرتن لە سەرنج و تێبینییە تەکنیکی و یاساییەکانیان، وەك ئامادەکارییەك بۆ بەردەوامبوون لە گفتوگۆ لەگەڵ لایەنە یاسادانەرەکان و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان.

تۆڕ و ڕێکخراوەکان جەختیان لەوە کردەوە، کە پرۆسەی چاکسازیی یاسایی هەڵبژاردن نابێت تەنها سنوردار بێت بە هەمواکردنەوەی دەقە یاساییەکان، بەڵکو دەبێت میکانیزمەکانی جێبەجێکردن و چاودێریکردنیش بگرێتەوە، هەروەها چارەسەرکردنی

ئەو ئاستەنگە کردەییانەش لەخۆبگرێت، کە ئەزموونەکانی هەڵبژاردنی پێشوو بەرهەمی هێناون، بە شێوازێك کە بەشداربێت لە بنیادنانی سیستمێکی هەڵبژاردنی دادپەروەرتر، شەفافتر و وەڵامدەرەوەتر بە هیوا و ئومێدی هاوڵاتیان.

هەروەها داوای لە دەسەڵاتەکانی یاسادانانی عێراق و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان کرد، کە مامەڵەی ئەرێنی لەگەڵ راسپاردە و پێشنیارە پێشکەشکراوەکاندا بکەن و بە بەشداری لایەنە جیاوازە پەیوەندیدارەکان، گفتوگۆیەکی نیشتمانی و دامەزراوەیی فراوان بکەنەوە تا لە بواری چاکسازیی هەڵبژاردندا سوود لە عەقڵی نیشتمانی و ئەزموونی نێودەوڵەتی سەرکەوتوو وەربگرێت.

لە کۆتایی ئەم ڕاگەیاندراوەیاندا، تۆڕەکانی چاودێریی هەڵبژاردن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پابەندبوونی خۆیان دووپاتکردەوە بە بەردەوامبوون لەسەر پرۆسەی چاودێریکردن و هۆشیارکردنەوە و یاساسازیی و پێشکەشکردنی تۆژینەوە و ڕاسپاردەکان و ڕێکخستنی گفتوگۆ و ئەنجامدانی وۆرکشۆپی ئاست بەرز و تایبەتمەند، بە شێوازێك، کە پردی پەیوەندیی لەنێوان دامەزراوەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی بەهێزتر بکات و بەشداربێت لە چەسپاندنی بنەماکانی سیستمی دیموکراسی لە عێراقدا.

هاوکات جەختیان لەوە کردەوە، کە پێشخستنی ناوەڕۆکی یاسا و تەشریعاتەکانی تایبەت بە هەڵبژاردن بەرپرسیارێتییەکی نیشتمانی هاوبەشە و چاکسازی ڕاستەقینە لە ئیرادەیەکی یاساسازیی جددی و بەشداریی کارای کۆمەڵگەییەوە دەستپێدەکات، تا دەگاتە هەڵبژاردنێکی ئازاد و پاکژ و دادپەروەر، کە ڕەنگدانەوەی ئیرادەی ڕاستەقینەی دەنگدەری عێراقی بێت.

پێکەوە بەرەو یاسازییەك بە ئامانجی هەڵبژاردنێکی دادپەروەرانە و بەشداریی کارای کۆمەڵگەیی و دیموکراسییەکی چەسپاوتر.

ئەم راگەیاندراوە دەرچووە لەلایەن:

- تۆڕی عەین بۆ چاودێریی هەڵبژاردن
- تۆڕی شەمس بۆ چاودێریی هەڵبژاردن
- دامەزراوەی فوراتەین بۆ هەڵبژاردن و دیموکراسی
- ناوەندی ستراتیژیی مافی مرۆڤ
- ڕێکخراوی ستێپ بۆ دیموکراسی و هەڵبژاردن
- پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن
- ڕێکخراوی تەموز بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی
- ڕێکخراوی ناز بۆ ژنان و منداڵان
- ناوەندی ڕەواق بەغداد
- کۆمەڵەی ژنانی بەغدا

